# ئەو «کەوتن»ـەی،
# کە وەک خودامان لێ دەکات.



**سلاڤۆی ژیژەک**

وەرگێڕانی: ڕوشدی جەعفەر، وەلید عومەر

(بەشی یەکەم)

**پێشەکی:**

ئەم نوسینە دوو بەشە و خاڵی نیە لە ئاڵۆزی. وادەردەکەوێت مەرامی پشت نوسینەکە وەڵامدانەوەی پرۆژەکەی ئیلۆن ماسک(وەبەرهێن و ئەندازیاری تەکنۆلۆژیی ئەمریکی) بێت کە دەیەوێت لەڕێگەی کۆمپانیای Neuralinkـەوە مێشکی مرۆڤ و ئامێرەکانی کۆمپیوتەر پێکەوە گرێ بدات و جۆرێک "خوایەتی" ببەخشێتە مرۆڤ. واتە هۆشی مرۆڤ و هۆشی دەستکرد تێکەڵبکات و مرۆڤ بتوانێت کێبڕکێی زیرەکیی دەستکرد بکات. زاراوەی **تاقانەیی تەکنۆلۆژی**(Technological singularity) بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێت کە چۆن هۆشی سرووشتیی مرۆڤ تێپەڕێنرێت. ئایا گریمانەیەکی لەم جۆرە، بشێت بێتەدی یان نا، چی بەسەر مرۆڤبوونماندا دێنێت و سوبێکتیڤیتە و کەسایەتییمان تا کوێ دەچێت؟ ئایا ئەمە لەڕووی فەلسەفییەوە وەهمێکی شکستخواردووە؟ ژیژەک بەپێی ئەم نوسینە تیۆرییە، مەحاڵبوونی پرۆژەکە دەرناخات بەڵکو مەحاڵبوونی ئەو خەونە دەردەخات کە پێیوایە دەتوانێت مرۆڤ بباتە دەرەوەی سنورەکانی مرۆڤەوە. ئەو سود لە کانت و هیگڵ و لاکان و هتد وەردەگرێت تا سنورەکانی سوبێکتیڤیتە ڕوونکاتەوە و مانای ئازادی و هەڵبژاردن و ئەزموون و پانتایی مەحاڵ(نۆمینە) و تراوما و هتد لەپاش ئەم جۆرە پرۆژانە بپشکنێت. ئاخۆ ئەم پرۆژانە دەتوانن مرۆڤ لە نوقسانییە بنەڕەتییەکەی ڕزگاربکەن یان جارێکی تر ئەم نوقسانییە زەقدەکەنەوە؟ ناونیشانی نوسینەکەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە بوون بە خوا، لە قازانجی مرۆڤدا نیە. دەبێت بوون بە خوا، وەک ئاسۆیەک لەو دوورەوە بمێنێتەوە تا بتوانین ئازاد بین و کۆمەڵێک توانست و دەسەڵاتی مرۆییانەمان هەبێت. سوبێکت ناوی جۆرێک بۆشاییە کە بەهۆی کۆمەڵێک ئیمکانی ڕەمزی و کۆمەڵایەتییەوە پڕیدەکەینەوە و هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەیەکی تەکنیکی نامانگەیەنێتە شتێک لەودیویەوە. کەوتن و دەرکرانی ئێمە لە بەهەشت، مەرجی درووستبوونی ئەم سوبێکتیڤیتەیەی ئێستامانە. نوسەر دەیەوێت مۆدێلە تیۆلۆژییەکە بۆ پرسە دونیاییەکان و پرسی سوبێکتیڤیتە وەرگرێت و ئەم برین و کەوتنە بە پنتێکی کوێری ناو سوبێکت بزانێت کە مەرجە بۆ ڕەخسانی سوبێکتی مرۆیی. پرۆژە تەکنۆلۆژییەکان دەست بۆ ناواخنکردنەوەی پنتێکی بڵند و ترانسێندێنتاڵ دەبەن کە کاری نەکردەیە. ئەم پنتە سەر بە زەوییە نەک ئاسمان، بەڵام بڵندێکی زەمینییشە.

**تاقانەیی**[1] ناتوانێت بەڵێنە تیۆلۆژییەکەی خۆی بۆ ڕزگارکردنمان لە **کەوتن**[2]، بپارێزێت. دەکرێت ئەوەی ڕوودەدات ئەوە بێت کە ئێمە لە [سەردەم]ـی پۆستمرۆڤبووندا بەرەو ڕەهەندێکی تر دەجووڵێین، کە چیتر تیایدا تووشی "کەوتن" نابین و کۆتادارێتی و فەنابوونمان کۆتوبەندمان ناکات. بەڵام ئەمە ئەو واتایە ناگەیەنێت، ئێمە بە مانای دووبارە یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەو ڕەهەندەی وەك ڕەهەندێکی خودایی ئەزموونمانکردووە، ڕزگاردەبین. بەهەرحاڵ، ئەم خاڵەش مانای فەرامۆشکردنی بابەتی تیۆلۆژیا ناگەیەنێت. بەپێچەوانەوە، تێگەی ***کەوتن*** شایستەی پشکنینێکی وردترە. کەواتە با لە سەرەتاوە دەستپێبکەینەوە.

هەموومان ئاگامان لە شەرحی ئایەتی سێی سیفری "پەیدابوون"[3] هەیە:

**"ئافرەتەکەش بە مارەکەی گوت: "بۆمان هەیە لە بەری درەختەکانی باخچەکە بخۆین، بەڵام خودا فەرمووی: بۆتان نییە لە بەری ئەو دارە بخۆن، کە لە ناوەڕاستی باخچەکەیە، هەروەها بۆتان نییە دەستی لێبدەن، ئەگینا دەمرن. مارەکە بە ئافرەتەکەی گوت: "نا بەڕاستی نامرن چونکە خودا دەزانێت ئەو ڕۆژەی کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئیتر وەك خوداتان لێدێت، چاکە و خراپە دەزانن." کاتێك ئافرەتەکە بینی بەری دارەکە بۆ خواردن باش بوو، چاو ئارەزووی دەکرد و وات لێ دەکات دانا بیت، لە بەرەکەی کردەوە و خواردی، دایە مێردەکەشی کە لەگەڵی بوو. ئەویش خواردی ئیتر هەردووکیان چاویان کرایەوە و زانیان کە ڕووتن، ئیتر گەڵای هەنجیریان لێك دووی و پۆشیاکیان بۆ خۆیان درووستکرد. ئینجا پیاوەکە و ژنەکە گوێیان لە دەنگی یەزدانی پەروەردگار بوو کە لە باخچەکەدا هاتوچۆی دەکرد،**

---

[1] singularity
[2] Fall
[3] genesis

**لە کاتی هەڵکردنی شنەبای ڕۆژ، ئەوانیش لەنێو دەرەختەکانی باخچەکە خۆیان لە یەزدانی پەروەردگار شاردەوە بەڵام یەزدانی پەروەردگاریش پیاوەکەی بانگکرد و فەرمووی لەکوێیت؟**

**ئەویش وەڵامیدایەوە: لە باخچەکە گوێم لە دەنگت بوو منیش ترسام، چونکە ڕووت بووم، ئیتر خۆم شاردەوە.**

**ئەویش فەرمووی: کێ بە تۆی گوت کە ڕووتیت؟ لەو درەختەت نەخواردبێت کە فەرمانم پێ کردبوویت لێی نەخۆیت؟ پیاوەکە گوتی: ئەو ئافرەتەی پێت دام لەگەڵم بێت، ئەو لە بەری ئەو دارەی پێدام، منیش خواردم، ئینجا یەزدانی پەروەردگار بە ئافرەتەکەی فەرموو: ئەمە چیە تۆ کردووتە؟ ئافرەتەکەش گوتی: مارەکە فریوی دام و منیش خواردم. خودا لە پاش نەفرەتباردنی مارەکە[ ژیژەك ئاماژە بە نەفرەتەکانی خوا لە مارەکە ناکات، بۆیە داماننەنایەوە]، بە ئافرەتەکەشی فەرموو: ئازاری سکپڕیت زۆر زیاتر دەکەم، بە ژانەوە منداڵت دەبێت. ئارەزووت بۆ پیاوەکەت دەبێت و ئەویش بەسەرتدا زاڵ دەبێت. ئینجا بە پیاوەکەی فەرموو: لەبەر ئەوەی تۆش گوێت لە ژنەکەت گرت و لەو درەختەت خوارد کە فەرمانم پێ کردبوویت: نابێت لێی بخۆیت. ئەوا زەویش بەهۆی تۆوە نەفرەت لێکراوە بە ڕەنجکێشانیش هەموو ڕۆژانی ژیانت لێی دەخۆیت دڕکوداڵت بۆ بەرهەم دێنێت و ڕووەکی کێڵگە دەخۆیت. بە ئارەقەی ناوچەوانت نان دەخۆیت، هەتا دەگەڕێیتەوە بۆ زەوی کە لێیەوە وەرگیراویت، لەبەر ئەوەی تۆ خۆڵیت و بۆ خۆڵیش دەگەڕێیتەوە".[4]**

بە ئەندازەی پێویست شت لەبارەی پارادۆکسی نێو ئەم دێڕانەوە نوسراوە، بەتایبەت دەربارەی زەقوزۆپترینیان: بۆچی خودا ئادەم و حەوای ڕادەستی شتێك کرد کە بەفیعلی بژاردەیەکی ناچارییە[5]؟ ئەمەی خوارەوە شەرح و تێگەیشتنی "ستیڤن گرینبلات"ـە بۆ ئەم پارادۆکسە، تەنانەت ئاماژە بە ئیلۆن ماسك[6]یش دەکات: "ڕاڤەکارە کۆنەکان بەردەوام دەیانپرسی ئەوە چۆنە خودا لەم

---

[4] "تەرجەمەی ئەم ئایەتانە لە وەرگێڕانە کوردییەکەی "کتێبی پیرۆز،کوردی سۆرانی ستاندەر، وەرگیراون.

[5] Forced choice

[6] Elon Musk

چیرۆکەدا، فەرمانی بە ئادەم و حەوا کردووە لە بەری درەختی زانینی چاکە و خراپە نەخۆن، [کەچی] تەقەلایەکی زیاتری بۆ ڕێگرتن لە کرداری کارەساتباری بێگوێی و سەرپێچیکردنیان نەکرد؟ هەڵبەت خودا[7] هۆشداریی ئەوەی پێ دابوون هەر جۆرە پێشێلکردنێکی ئەمر و نەهییەکانی سەردەکێشێت بۆ سزای مردن، بەڵام چۆن ڕێی تێدەچوو مرۆڤە بەراییەکان مانای مردن تێبگەن؟ ئەی ئەوە چۆنە درەختەکە ڕێك لە ناوەڕاستی باغی [ عەدەن]دا هەڵکەوتبوو، و لە شوێنێکی دوورەدەستدا نەشاردرابووەوە، وەکئەوەی ژەهر(یان زبڵ و پاشماوەی ئەتۆمی) لە شوێنێکی پەنهان و دوورەدەستدا هەڵدەگرین؟ ئەی چۆن دەکرا مرۆڤەکان لە پاکیزەییە فیردەوسییە خۆیاندا، بەر لەوەی دەستیان بە مەعریفەی چاکە و خراپەدا گەیشتبێت، لە گرنگی و مانای ئەخلاقیی ئەو کارەی دەیانکرد تێبگەن؟دیارە، ئادەم و حەوا مەعریفەیەکی سەرومڕیان لەبارەی پاشهاتی درێژخایەنی کردارەکانیانەوە نەبوو، لەکاتێکدا خودا دەیتوانی ئەم زانینەیان، گەلێك ئاسانتر لە چیپ(chip)ـە پێشنیارکراوەکانی ئیلۆن ماسکدا تیادا بچێنێت، کەچی ئاشکرایە ئەمەی نەکرد."

لەمەش گرنگتر ئەوەی پەیوەندیی بە مەبەستەکەمانەوە هەیە، پارادۆکسی زانینە[8]: مارەکە بە حەوا دەڵێت دوای خواردنی سێو لە درەختە قەدەغەکراوەکە "هاوشێوەی خوداتان لێدێت، چاکە و خراپە دەناسن"، وەکئەوەی هیگڵیش سەرنجیداوە، مارەکە درۆناکات: خودا دەمودەست ئەمە پشتڕاستدەکاتەوە، و دەڵێت ئێستا ئادەم و حەوا "هاوشێوەی ئێمەن (us)"(با واز لە [فۆرمی] کۆ(plural)ی لوغزاوی "خودایان" بهێنین، [واتە ئەوەی کە خودا لەجیاتی ڕاناوی "من"، "ئێمە" بەکاردەهێنێت]). بەم پێیە، ئەوە چۆنە خواردنی سێو کە زانین و خوایەتی[9] دەخولقێنێت، مرۆڤە بەراییەکان توڕدەداتە نێو بەدبەختیی ژیانێکی کۆتادار و پڕ جەهلەوە؟

دیارە، شرۆڤە ستانداردەکە ئەوەیە، خودا لەڕێگەی سەپاندنی بژاردەیەکی قورس بەسەریاندا، بژاردەیەك کە چەندەش لایەنگرانە بێت، ئەوا هەر ئازادی دەبەخشێتە مرۆڤە بەراییەکان، لە بەرپرسیارێتییەکەیاندا

[7] creator
[8] knowing
[9]. divinity

دەرهەق بە هەڵبژاردن لەنێوان چاکە و خراپەدا بەئاگایاندەهێنێتەوە. تەنانەت سنورداریێتیی زانینیش خزمەت بەم مەبەستە دەکات. ئەگەر مەعریفەیەکی کامڵ و پێرفێکتمان هەبێت، ئەگەر تێکڕای وردەکارییەکانی هەر بارودۆخێك، بە ڕوون و ئاشکرایی، لە زەینماندا حزووریان هەبێت، هەڵبژاردن ئاسانە. بەڵام ئەو شتەی هەڵبژاردنێکی ئەخلاقی قورسدەکات، کتومت ئەوەیە دەبێت ئێمە لە بارودۆخێکی ناڕوون و ئاڵۆزدا کە تێکڕای باری بڕیاردان دەکەوێتە ئەستۆی خۆمان، دەستبدەینە بڕیاردان.

گرینبلات لە درێژەی بڕگە وەرگیراوەکەدا نوسخەیەکی کورتوپوختی ئەم ئەرگۆمێنتەمان دەخاتە بەردەست: "تەقریبەن تەواوی ڕاڤەکارە سەرەتاییەکان کۆك و تەبان لەسەر ئەوەی خودا نەیدەویست بەهۆی سەندنەوەی ئازادیی هەڵبژاردن لێیان، سرووشتی جەوهەریی مرۆڤەکان بخاتە مەترسییەوە، ئەگەرچی ئەم ئازادییە سەرچاوەی ئەم هەمووە ناڕەحەتی و بەدبەختییەش بوو. ئەگەر ئادەم و حەوا هەموو شتێکیان سەبارەت بە پاشهاتی کردارەکانیان بزانیبا- ئەگەر بیانتوانیبا لەو مەسەلە گەورە و باوەڕپێنەکراوە، کە بە وتەی شکسپیر "ئایندەیان لە ساتەوەختێکدا" پێدەدات، قاڵببنەوە و هەڵیبسەنگێنن- ڕەنگە خۆیان لە هەڵە کارەساتبارەکەیان پاراستبا، بەڵام، وەکو حەکایەتی "پەیدابوون" دەریدەخات، ئەمە لەسەر حسێبی مرۆڤبوونەکەیان تەواو دەبوو. ئەمە بریتی نیە لە ستایشکردنی جەهل یان لاوازی. دواجار، ئاگادارکردنەوەیەکی ئاشکرا بوونی هەبوو، هەر چەندە لێکدانەوە و تێگەیشتنێکی ڕاست و درووست لێی بۆ مرۆڤە بەراییەکان قورس بووبێت، پاشهاتەکانی بژاردە یەکلاکەرەوە و چارەنووسسازەکە بەئاشکرا تۆقێنەر بوون. بەڵام کتێبی پیرۆز[10] مرۆڤەکان نە وەك ڕۆبۆت(ماشێنی ئۆتۆماتیك)[11]- واتە، عەبدی خودا-، نە وەك دانا و حەکیمی موعجیزەئاسایش پیشاننادات، کە خاوەنی تێکڕای زانینی پێویست بن بۆ دەستدانە بڕیارە تەواو ڕاستودرووستەکان.

[10] The Bible
[11] automata

بەهەرحاڵ، لوغزە سەنتراڵەکە وەک خۆی هەر دەمێنێتەوە: چۆنچۆنی ئەخلاق(زانینی جیاوازیی نێوان چاکەوخراپە و ڕەفتارکردن بەو پێیە) مانای جەهل (یان، لانیکەم، سنووربەندییەکی ڕادیکاڵ و ڕیشەیی زانینەکەمان) دەگەیەنێت؟ ئەو فەیلەسوفەی دەستەویەخەی ئەم پرسە بووەتەوە و تاقە وەڵامی بەپیتیشی بۆ خستەڕوو، ئیمانوێل کانت بوو. کاتێك کانت باسی ئەوە دەکات و پانتایی زانین[12] کورتدەکاتەوە تا جێگەیەك بۆ باوەڕی دینی بکاتەوە، دەبێت بەشێوەیەکی تەواو حەرفی لەم قسەیە تێبگەین، بە شێوەیەك کە هەر لە بنچوبناوانەوە دژە-سپێنۆزایی بێت. لە دیدە کانتییەکەوە، پێگەی سپێنۆزا وەك ڕوانگەیەکی مۆتەکەئاسای سوبێکتگەلێك دەردەکەوێت کە بۆ بووکەڵەی ماریۆنێت(یان بووکەسەماکەرە)[13] کورتکراونەتەوە. [واتە دیدە سپێنۆزاییەکە سوبێکت وەک بووکەڵەیەک سەیردەکات کە هەروەکو بوکەڵەیەک ویست و ئیرادەی نیە و لەپشتەوە دەجوڵێنرێت]. مانای چیە کاتێک دەڵێین بووکەڵەیەکی هەڵسوڕاو، پیگەیەکی سوبێکتیڤ وەردەگرێت؟ لە لای کانت، ئێمە تێرمی "بووکەڵەی هەڵسوڕاو" لە فەسڵێکی تەمومژاویی کتێبی "ڕەخنە لە عەقڵی پراکتیکی"دا بە ناونیشانی "دەربارەی هەماهەنگی و گونجانی توانا هۆشەکییەکانی مرۆڤ لەگەڵ پیشە پراکتیکییەکان"دا بەدیدەکەین، کە تیایدا هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، ئاخۆ ئەگەر دەستمان بە پانتایی نۆمینەیی، ***بە شت لە خۆیدا*** بگات، چی ڕوودەدات: «لەجیاتیی ئەو کێشمەکێشەی ئێستا هەلومەرجی ئەخلاقی دەبێت لەگەڵ مەیل و لادانەکاندا هەڵیبگیرسێنێت، و تیایدا، هێزی ئەخلاقیی زەین، دوای چەند شکستێك، پەیتاپەیتا سەربکەوێت، خودا و ناکۆتا بە شکۆمەندییە گەورە و تۆقێنەرەکەیانەوە لەبەرامبەر چاوانماندا ڕادەوەستن... بەم پێیە، زۆربەی کردارە ڕەواکانمان[14]لەسۆنگەی ترسەوە ئەنجامدەدرێن، ژمارەیەکی کەمیشیان بەرمەبنای هیوا، و هیچکامێکیشیان لە سۆنگەی ئەرکەوە[15]ڕاییناکرێن. بەها و گرنگیی ئەخلاقیی کردارەکان، کە بەهای تاکەکەس و تەنانەت جیهان لەپێش چاوەکانی حیکمەتی

---

[12]. domain of knowledge

[13] marionette

[14] Conforming to the law

[15] duty

بالاش[16] تەنیا لەسەر ئەوە بەندە، بە هیچ جۆرێك بوونی نەدەبوو. ڕەفتاری مرۆڤ، تا ئەو کاتەی سرووشتەکەی وەك ئێستا بمێنێتەوە، وەردەگەڕێتە سەر ئامێر و میکانیکێکی پەتی[17]، بە جۆرێك، وەکئەوەی لە نمایشی بووکەڵەدا دەیبینین، هەموو شت بە جووڵە و ئاماژە، بێ کەموکوڕی، دەردەبڕدرێت و ئەنجامدەدرێت، بەڵام هیچ ژیانێك لەناو فیگەرەکان [و بووکەڵە-مرۆییەکان]دا نادۆزینەوە».

بەم جۆرە، بەپێی کانت، دەستڕاگەیشتنی ڕاستەوخۆ بە پانتایی نۆمینەیی، ڕێك لە خۆڕسکێتی[18] بێبەشماندەکات کە پێکهێنەری کرۆکی ئازادیی ترانسێندێنتاڵە: دەمانگۆڕێتە سەر ڕۆبۆت و ماشێنگەلێکی نازیندوو، یان، ئەگەر زاراوە هاوچەرخەکان بەکاربهێنین، بۆ سەر "ماشێنە بیرکەرەوەکان"[19]. ئایا سەرەنجام، لە ئایندەی **تاقانەیی**دا بە شتێکی لەم جۆرە ناگەین؟ نابێت شیمانەکەی neuralink وەك پرۆژەی لێکۆڵینەوەیەکی "ئۆنتیك [و مادی و ڕاگوزەر]" و زانستیی دیکە کە هیچ خولیایەکی فەلسەفیی ڕەسەنی تیادا نیە، تورڕبدەین. چونکە شتێکی بەفیعلی نوێ و نەبیستراو دەخاتەڕوو کە ئاڵنگاریی پێگەی مرۆڤبوونمان دەکات: شیمانەی زاڵبوونی فیعلیی (ئیمپریکی) بەسەر کۆتاداریی/ سێکسواڵیتە/پاشکۆیەتیمان[20] لە سیستەمی ڕەمزیدا. چوونەناو ئەم ڕەهەندەی تری **تاقانەیی** وەردەگەڕێتە سەر فاکتێکی سادەی پۆزەتیف[ـی دەرەکی] نەك ئەزموونێکی باڵای ناوەکی. ئەمە چ مانایەکی هەیە بۆ پێگەی سوبێکتیڤیتە و خود-ئەزموونیمان[21]؟ ئاخۆ دەتوانین وێنای شێوازێک لە خودئاگایی بکەین کە لە ئاستی بێخودیی خز و مەلۆکی[22] فەزای **تاقانەیی**دا بێت؟

مادام چیدی شتێک بەناوی من(I)ـەوە، وەک خودێکی تاقانە(singular Self) لە تاقانەیی دا بوونی نیە؛ یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە چارەنووسی خود لە تاقانەیی و ڕۆشنگەریی

[16] Supreme wisdom
[17] Mere mechanism
[18] spontaneity
[19] Thinking machines
[20] embeddedness
[21] Self-experience
[22] Self-less floating

بودیستیدا بە هاوشان و هاوتەریبی یەکتر وەرگرین، کە خود تێیدا لەڕێگەی ئەزموونی ڕاستەوخۆ و بێنێوانگرەوە، نە-بوون[23] و عەدەمی خۆی گریمانەدەکات. ئەو «بێدارییە ڕۆشنبووەوە[24]» چیدی خود-بێداری[25] نیە: ئەوە چیدی "من" نیم کە خۆم وەک بکەری بیرەکانم ئەزموندەکەم. ئاگایی و بێدارییەکە«م»، ئاگاییەکی ڕاستەوخۆیە دەرهەق بە سیستەمێکی بێ-خود[26]، زانینێکی بێ-خود. گەرچی جیاوازییەک لەنێوان ڕۆشنگەریی بودیستی و تاقانەییدا هەیە: من لە تاقانەییدا بەدوای مەوداوەرگرتندا ناگەڕێم لە هەستەکان و ئەزموونەکانی ترم، من خۆم لەگەڵ ئەو بۆشاییەدا هاوشوناسناکەم کە بریتییە لە حەقیقەتی ڕواڵەتەکان(truth of appearances). من، لەبەرامبەردا، بەتەواوی خۆم نوقمی فەزای هاوبەشی هەستەکان و ئەزموونەکانی ترم دەکەم.

پرسێکی بنەڕەتیتر، لە پەیوەندییدا بە چارەنووسی سوبێکتیڤیتەوە لە تاقانەییدا لەئارادایە. ناوەکیترین ناوکی سوبێکتیڤیتە، لەو کردە بێهاوتایەدا نیشتەجێیە کە فیختە ناویدەنێت خۆ-پۆزەتیڤکار(self-positing). لێرەدا سوبێکت خاڵێکە سەر بە *ئۆتۆنۆمیی موتڵەق*، بەو مانایەی کە کورتناکرێتەوە بۆ چرکەساتێک لە تۆڕی هۆ و ئەنجامە [بەردەست و ڕێژەیی و ڕۆژانەییەکان]. لە کردەیەکی خۆ-گرێدەر[27]دا کە هیگڵ ناویدەنێت هاتنەدوا و پاشەکشەی موتڵەق(absolute recoil)، و سوبێکت دەبێت بەشێوەیەکی ڕیترۆئەکتیڤ و پاشەوپاش هۆیەکانی بوونی خۆی "پێشگریمانە و پۆزەتیڤبکات[28]". ئەم بازنە خود-مەرجەعی[29]یەی پاشەکشەی *موتڵەق*، کە تێیدا **هۆکار** ئەنجامی پاشەوپاشی ئەنجامەکانی خۆیەتی [واتە هۆکار

---

[23]. non-being

[24].enlightened awareness

[25]. self-awareness

[26]. self-less system

[27]. self-relating

[28]. Posit: وەک فرمان زۆر مانای هەیە و لێرەدا ئەو مانایەی مەبەستە کە لە نەریتی ئایدیالیزمی ئەڵمانیدا هەیە و بە مانای پرۆسەیەک دێت کە ئیمکانی یەکەم تۆخدەکاتەوە و بەم تۆخکردنەوەیە گریمانەی ئەوە دەکات شتێک لە ئازادی و بکەرێتیی ئەزموونکردووە و بەم پێیە سوبێکت سوبێکتێکی پۆزەتیڤکارە کە تەنیا بۆشاییەک تۆخدەکاتەوە نەک ئەوەی گریمانەی جەوهەرێکی پڕ بکات. فەسڵی کۆتایی کتێبی *ئۆبێکتی باڵای ئایدۆلۆژیا* تایبەتە بەم چەمکە و ڕەهەندە فراوانەکانی- و

[29]. self-referential

شتێکی پێدراوی پێشوەخت نیە تا ئەنجامی بەدوادا بێت بەڵکو کاتێک ئەنجام بەسەر خۆیدا دێتەوە و خۆی تۆخدەکاتەوە و خۆی بە گریمانە وەردەگرێت ئیدی هۆکار درووستدەکات]؛ بە مانای تەواوی وشەکە بەدیهاتنی ئەو نوکتە بەناوبانگەیە دەربارەی پشتبەخۆبەستن و لەسەرپێی‌خۆ وەستان لە حەکایەتەکەی مۆنش هاوزەن(Munchhausen)دا کە بەهۆی ڕاکێشانی قژی خۆیەوە، خۆی و ئەو ئەسپەشی لەو مێرگاوە دەردەهێنێت وا لەسەری دانیشتووە و خەریکبوو نوقمدەبوون. دیارە لە واقیعە سرووشتییەکەدا پشتبەستنی وەها بە خۆت شتێکی مەحاڵە، و پارادۆکسێکی بێمانایە کە تەنیا چەشنی نوکتەیەک دەچێت بە گوێماندا. گەرچی شتێکی لەم جۆرە نەک هەر لە پانتایی ڕۆح(spirit)دا ڕوودەدات، بەڵکو تەنانەت ئەو تایبەتمەندییە سەرەکییەشە کە پێناسەی *ڕۆح* دەکات؛ [ڕۆح لێرەدا زاراوەیەکی ئایدیالیزمی ئەڵمانییە و بۆ کۆچالاکییە مرۆییەکان بەکاردێت]. گومانی تیا نیە کە کۆڵەکەی مادیی ئەم هەڵقە خۆ-پۆزەتیڤکارە هەروا وەک خۆی دەمێنێتەوە: «بەبێ مادە، هیچ ڕۆحێک بوونی نیە». گەر بێتو جەستە لەناوببەین، ئەوا ڕۆحیش وندەبێت. بەڵام خۆ-پۆزەتیڤکاریی ڕۆح تەنیا جۆرێک نیە لە وەهمی بەکاربەر( user's illusion)، بەڵکو فیعلیەتی[30] خۆی هەیە، ئەویش هاوشان بە ئەنجامە فیعلییەکانی خۆی.

هەر بەم مانایەیە کە ژاک لاکان، لە ئەنجامگیری چارەسەری دەروونشیکارانەدا، بانگەشەی ئەوە دەکات سوبێکت ئامادەیە ***وەک هۆکاری خۆی بیر لە خۆی بکاتەوە***. دیارە **هۆکاری** سوبێکتێک بریتی نیە لە ئۆبێکتێکی ئاسایی لە واقیعدا، بەڵکو بریتییە لە ئۆبێکتی بچوکی a، بریتییە لە هۆکار-ئۆبێکتی ئارەزوو[31] کە هەڵگری واقیعێکی [پڕ و پێدراو] و جەوهەری نیە. نەزانراوێکی تەواو مەجازییە کە بۆشایی ئارەزوو[32] بەرجەستەدەکات(و لەشوپەیکەر دەبەخشێتە بۆشایی ئارەزوو). ئێمە لە ئارەزووەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا، ئۆبێکتی a تووشی بەفیتیشبوون و بەشتبوون دەکەین،

---

[30]. Actuality

[31]. object-cause of desire

[32]. void of desire

واته وەک هۆکاری پێشوەختهەبووی ئارەزوومان وەریدەگرن. سوبێکت لە کۆتایی چارەسەری دەروونشیکارانەدا تێدەگات کە هۆکارەکەی بریتییە لە دۆخە پێشوەخت(پێدراوەکە)ــی خۆی کە بە شێوەیەکی پاشەوپاش لەلایەن سوبێکت خۆیەوە وەک ئەنجامەکەی خۆی بەگریمانە وەردەگرێت. پارادۆکسەکەی *پاشەکشەی موتڵەق* ئالێرەدا کردەکیبووەتەوە، بازنەکە داخراوە، چونکە ***ئەنجام*** هۆکارەکەی خۆی بەگریمانە وەرگرتووە و تۆخی و پۆزەتیڤیتەی بەسەردا هێناوە. بە لای لایەنگرێکی «تیۆری ماتریالیستیی سوبێکتیڤیتە»وە(کە پێداگری دەکات سوبێکت ئەنجامی پرۆسەیەکی ماتریاڵیی پێشسوبێکتیڤە، پرۆسەیەک کە کورتنابێتەوە بۆ خود-نێوانگریی سوبێکت)، داخرانی ئەم بازنەیە وەهمێکی ئایدیالیستیی بنەڕەتیی خۆ-هۆکاربوون(self-causation)ـە، هەمان ئەو وەهمەی کە ئەو پرۆسە لەسەنتەرداماڵراوە تەڵخدەکات وا سوبێکتی تیا دەردەکەوێت. گەرچی لە ڕوانگە لاکانییە/هیگڵییەکەوە ئەم خۆ-هۆکاربوونە تەنیا وەهمێکی تیۆری-ئایدیالیستی نیە. ئەمە براوی و پچڕانێک لە ***ڕیاڵ*** خۆیدا دەستنیشاندەکات. ئەم خۆگریمانەکردن و خۆپۆزەتیڤکردنەی سوبێکت تەنیا ئەوکاتە شتێکی ئایدیالیستییە کە واقیع وەک شیرازەیەکی پڕاوپڕی هۆ و ئەنجامەکان وەرگرین بەبێ درز و کەلێن.

هەر لەبەر ئەمەشە کە نیچە لە ئاماژە بێدەروەستەکەیدا بۆ مۆنش هاوزەن لە کتێبی *لەودیوی چاکە و خراپەوە* دووجار بە هەڵەدا چووە:

ئارەزوو بۆ ئازادیی ویست(freedom of will)؛ /.../ ئارەزوو بۆ بەرگەگرتن و هەڵگرتنی تەواوەتی و ئەوپەڕی بەرپرسیارێتیی کردەوەکانی خۆ، /.../ هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ /.../ دەرهێنانی خۆت بە قژ لە مێرگاوی عەدەمەوە بۆ هی وجود( aus dem Sumpf des Nichts)[33].

---

33. https://www.marxists.org/reference/archive/nietzsche/1886/beyond-good-evil/

ئەوەی لێرەدا نیچە ڕەتیدەکاتەوە بریتییە لەو خۆگریمانەکردن و خۆپۆزەتیڤکردنەی کە لە نەریتی ئایدیالیزمی ئەڵمانییدا پێناسەی «سوبێکت»ـی پێ دەکرێت. بانگەشەکەی ئێمەش ئەوەیە کە دەتوانین بەشێوەیەکی ماتریالیستی کردەی خۆپۆزەتیڤکردنەکە تەفسیربکەین، گەرچی زۆرجار ئاکامەکانی ئەم کردەیە وەک شتێکی ناکۆک دەردەکەوێت. وەرن با نمونەیەکی تازەتر وەرگرین: لە ڕاگەیاندنەکانەوە ئەوە بڵاوکرایەوە ڕافائل سامویل، کە هاوڵاتییەکی هندی بوو، وتی دەمەوێت سکاڵا لەسەر دایک و باوکم تۆماربکەم کە بەبێ پرسی خۆم منیان هێناوەتە دونیاوە. سامویل لە نواندنێکی سەیروسەرنجڕاکێشدا کە ئاندەرز پێیدەڵێت شەرمی پرۆمیسۆسی[34](شەرمی هاتنەدونیا، هەڵدران بۆ نێو دونیا، نەک بەرهەمهاتن لەرێگەی خۆتەوە) ئەوەی بە خەڵکی هندستان بەتایبەت منالآن ڕاگەیاند کە ئەوان هیچ شتێکی داکوبابیان قەرزار نین. هەروەها ئەوەشی وت خستنەبەر خوێندنی منالێک لە هەندێک دەزگای وەک قوتابخانە و بازاڕی کار بەبێ ڕەزامەندیی ئەوان کارێکی هەڵەیە...[35]. نابێت سکاڵا و گازندەکەی سامویل وەک شتێکی گاڵتەجاڕ پشتگوێبخەین- قووڵبینییەک لەم قسانەی ئەودا نوستووە. هێندە هەیە نابێت هەردوو ئاستی ئیمپریکی(empirical) و ترانسێدێنتاڵ(transcendental) تێکەڵ بە یەکتر بکەین[واتە نابێت هەردوو ئاستە ئەزموونییەکە و سەروو-ئەزموونییەکە تێکەڵبکەین]. خۆ گومانی تیا نیە کە من لەڕووی ئیمپریکی و ئەزموونییەوە «فڕێدراومەتە دونیاوە»، جەستەم و ئەو کەلتورەشم هەڵنەبژاردووە کە وەک زارۆکێک تێیدا پەروەردە دەبم و هتد. گەرچی بۆ ئەوەی ببمە "خود"ێک، پێویستدەکات کردەیەکی ترانسێندێنتاڵ و بڵندنشینانەی خۆپۆزەتیڤکردن لەئارادا بێت، واتە دەبێت من سوبێکتیڤیتەی خۆم بەشێوەیەکی چالاکانەی لانیکەم وەربگرم؛ پرسیارەکەش ئەمەیە: ئاخۆ ئەم

---

[34]. Promethean shame

[35]

کردە "موتڵەق"ـە دەتوانێت دەربازی ببێت لە ڕۆچوون بەنێو تاقانەیی دا؟ بەو دواییانە ڕاپۆرتێکم دەربارەی کەسانی ڕەگەزگۆڕ خوێندەوە لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی سلۆڤینیادا کە ناونیشانەکەی ڕێک ئەم پارادۆکسەی دەنواندەوە: «دواجار لە جەستەیەکدا ژیان بەڕێدەکەم کە دەمویست پێوەی بێمە دونیاوە»- وەک بڵێی بەر لە لەدایکبوونم شوناسە جێندەرییەکەمم هەڵبژاردبوو، بەڵام چارەنووسە بایۆلۆژییەکە ڕێزی لە هەڵبژاردنەکەم نەگرتبوو...

چەمکی ڕوولەخۆیەتی و ڕەنگدانەوەی ناخودئاگایانە(unconscious reflexivity[36])یش ڕێگەچارەیەک دەخاتەڕوو بۆ مەسەلەی وەپاشچوونی نەبڕاوە بۆ دارشتنی نەزمێکی نۆرماڵ(ئێمە بۆ بنیاتنانی ئەو یاسایانەی کە گوێڕایەڵی دەبین کامە ڕێسا پەیڕەودەکەین؟) یان خودئاگایی[37](کاتێک من ئاگام لە خودئاگاییمە، ئاخۆ هەروا ئاگام لە خۆمە کە وا ئاگام لە خودئاگاییمە...؟ و هتد). ئەمە ڕێگەچارە فیختەییەکە نیە(لە **منی موتڵەق**دا، پۆزەتیڤکردن و بەپۆزەتیڤبوون لە یەک کاتدا ڕوودەدەن، من خۆم وەک پۆزەتیڤکارێک دەخەمە بەر گریمانەکردن و پۆزەتیڤیتە)، گەرچی لێکچوونێکی ڕوونی لەگەڵ وی هەیە. ڕێگەچارەکە ئەوەیە کە ئەم کردەی خۆ-پۆزەتیڤکردنە، کردەیەکە کە بە وتەی ژاک لاکان، سوبێکت وەک هۆکاری خۆی کاردەکات، نائاگایانەیە؛ و هەمیشە پێشوەخت وەک ئیگۆیەکی بەئاگا پێشگریمانەدەکرێت.

هیگڵ ئەم بازنەی خۆ-پۆزەتیڤکردنە ناودەنێت "پاشەکشەی موتڵەق": ئەنجامەکانی هۆکارێک بەشێوەی پاشەوپاش خۆیان بەرهەمدێنن. ئەوەی ئەم خۆپۆزەتیڤکردنە "ماتریالیستی"یە جیادەکاتەوە لەبەرامبەر خۆپۆزەتیڤکردنە ئایدیالیستییەکەی فیختەدا، ئەوەیە کە خۆپۆزەتیڤکردنی ماتریالیستی بونیادی **شکست**ێکی هەیە کە دەتوانرێت بە باشترین شێوە لەلایەن هەڵقەی نواندنەوە ڕەمزییەکانەوە ڕوونبکرێتەوە: سوبێکتێک هەوڵدەدات بەپێی پێویست خۆی بنوێنێتەوە،

---

36. سووڕی هۆ و ئەنجام بەدوای یەکدا کە ڕەنگدانەوەی یەکترن و بەشێوەیەکی ڕوولەخۆ ئەم زنجیرەیە درێژدەکاتەوە- و

37. self-consciousness

ئەم نواندنەوەیە شکستدێنێت، و سوبێکت بەرەنجامی ئەم شکستە**یە.** بەم بۆنەیەوە پارادۆکسەکەی «هیو-گرانت»تان بیردەخەمەوە: پاڵەوانێک هەوڵدەدات عەشقی خۆی بۆ مەعشوقەکەی دەربڕێت، بەڵام گیردەکات و تووشی دووبارەکردنەوە و دەستەپارچەیی دەبێت و هەر ئەم شکستەیە کە پەیامی عەشقەکەی بە باڵاترین شێوە دەگەیەنێت و هەر ئەوەشە بەڵگەیەکە بۆ ڕەسەنێتییەکەی...بەم شێوەیە سوبێکت تەنیا لە ڕوولەخۆیەتی و ڕەنگدانەوە(reflexivity)ـی *گەڕانەوەی موتڵەق*دا گیرناخوات، بەڵکو سوبێکت خۆی هیچ نیە جگە لەم ڕەنگدانەوە [و ڕوولەخۆبوونە].

ئەم کردەی خۆپۆزەتیڤکردنە نەستەکییە، تەنیا جووینەوەیەکی پەتی و ئەبستراکت نیە: ئەم مەسەلەیە دەتوانێت یارمەتیمان بدات ئەو گرژییە چارەبکەین کە لە فۆرمی زاڵی ئایدۆلۆژیای LGBT+دا هەیە. زۆرێک لە چاودێران درکیان بەو گرژییە کردووە لە LGBT[38]+ لەنێوان بیناگەراییە کۆمەڵایەتییەکە[39]و جۆرێک لە جەبرگەرایی(ـی بایۆلۆژی)دا: گەر کەسێک لەڕووی بایۆلۆژییەوە وەک پیاو بناسێنرێت و وەربگیرێت، و لە ئابورییە دەروونییەکەی خۆیدا خۆی وەک پیاوێک ئەزموونبکات، ئەوا ئەمە وەک بینایەکی دەروونی وەردەگیرێت؛ بەڵام گەر کەسێک لەڕووی بایۆلۆژییەوە وەک پیاو بناسرێت و وەربگیرێت و خۆی وەک ژنێک ئەزموونبکات، ئەوا ئەمە وەک وروژان(urge)ێک سەیردەکرێت؛ نەک هەر بینایەکی تەواو خۆویستانە بەڵکو شوناسێکی بێدانوستانی قووڵترە کە ئەگەر بێتو کەسەکان بیخوازن ئەوا دەبێت نەشتەرگەریی ڕەگەزگۆڕین وەڵامی ئەو داوایە بداتەوە. میدیاکانی سلۆڤینیا بڵاویانکردەوە کە مامۆستایەکی "پێشکەوتنخواز"

---

[38]. **ئێڵ جی بی تی**) بە ئینگلیزی (LGBT: پێکهاتووە لە پیتەکانی یەکەمی هەر کام لە وشەکانی لێزبیان، گەی، بایسێکسیوال) دووڕەگەزخواز)، لەگەڵ ترانسجێندەر) ڕەگەزگۆڕ). ئەم دەستەواژەیە لە ساڵی ١٩٩٠ەوەوە بەکاردێت، و سەرەتا هەر "ئێل جی بی" بوو کە بەکاردەهات بۆ ئاماژەکردن بە کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان. چالاکوانەکان بڕوایان بوو تەنها (کۆمەڵگەی گەی) بەس نەبوو بۆ ئاماژەکردن بۆ هەموو ئەندامانی- ویکیپیدیای کوردی

[39].social constructivism

له لیوبلیانا گەشتێکی مەلەوانیی بۆ قوتابییەکانی ڕێکخستبوو و داوای لێ کردبوون هەریەکە و بەپێچەوانەی ڕەگەزەکەی خۆیەوە جل بپۆشێت(بۆنمونە کوڕەکان ستیان ببەستن و هتد). ئامانجی دیاری ئەم تاقیکردنەوەیە ئەوە بوو کە پیشانی منالآن بدرێت شوناسی جێندەری فاکتێکی بایۆلۆژی نیە بەڵکو شتێکە لە عادەتی کۆمەلآیەتییەوە سەرچاوەی گرتووە و بیناکراوە. گەرچی بە لای منەوە زۆر قورسە بتوانم تاقیکردنەوەیەکی لەمە دڵڕەقانەتر و گەمژانەتر بێنمە بەرچاوی خۆم! قوتابییەک بێننە بەرچاوی خۆتان کە لەڕووی بایۆلۆژییەوە کوڕە و لەڕووی دەروونییەوە شوناسی خۆی وەک کچێک پیشاندەدات: گومانم هەیە ئەو قوتابییە هەستێکی خۆشی هەبێت کاتێک واهەستدەکات بۆ چەند ساتێک بەپێی شوناسە ڕاستەقینەکەی خۆی جل دەپۆشێت. ئاخۆ ئەم تاقیکردنەوەیە زیاتر نایخاتەوە بیری ئەو ڕاستییەی کە ئەم شوناسە تەنیا بەرەنجامی شێوازی جلپۆشین و هتد نیە- بەڵکو جلگۆڕینێکی تراومایی ناو ژیانی ڕۆژانەیەتی(بۆنمونە کچێک ناچارە هەروەکو کوڕێک خۆی بگۆڕێت).

لەسەر هەمان هێڵ، بە باخچەی ساوایانی نەرویج ڕاگەیەنراو هەرکە کوڕێکی منالیان بینی لەگەڵ کچۆڵەکاندا یاری دەکات، ئەوا دەبێت پشتیوانی لەمە بکەن و بیورووژێنن تاکو یاری بە بووکەڵەکان بکات و هتد، ئەویش لەو پێناوەدا بارە دەروونییە ژنانە شیمانەییەکەی وەدەرکەوێت. ڕێگەچارەیەکی لەم جۆرە هێجگار ساویلکانەیە: بەڵێ، شوناسی ڕەگەزییانەی دەروونی بۆخۆی هەڵبژاردنێکە نەک فاکتێکی بایۆلۆژی، بەلآم هەڵبژاردنێکی ئاگامەندانە نیە تا سوبێکت بێتو بتوانێت بەکەیفەوە دووبارەی بکاتەوە و بیگۆڕێت. شتەکە هەڵبژاردنێکی ناخودئاگایانە و نەستەکییە و دەکەوێتە پێش بینای سوبێکتیڤەوە و بەم جۆرەش سوبێکتیڤیتە پێکدێنێت؛ واتە گۆڕینی ئەم هەڵبژاردنە پێویستی بە وەرچەرخانێکی ڕیشەییە کە ئەو ئەنجامیدەدات. بە پوختی بیڵێین، ئەم هەڵبژاردنە پەیوەنستە بە کردەی ناخودئاگایانەی خۆپۆزەتیڤکردنەوە.

کەوتن(Fall) ناوێکی تیۆلۆژییە بۆ ئەم هەڵبژاردنە نەستەکی و ناڕاستەوخۆیە؛ هەروەها ئاماژەشە بۆ ئەو زام و برینەی کە بوونە مرۆییەکەمان وەک کۆتاداری و ڕەگەزمەندی دەستنیشاندەکات(جا ئەو برینە جیابوونەوە بێت یاخود لەدەستدانێکی پێکهێنەر). ئیلیان ماسک(و لایەنگرانی تری Neuralink) دەیانەوێت دەقاودەق ئەم برینە سارێژبکەن: بەهۆی پڕکردنەوەی ئەم درزەوە، بەهۆی یەکخستنی مرۆڤ و خواوە لەڕێگەی بەخوداکردنی ئەوەوە، واتە بە دەستەبەرکردنی ئەو تایبەتمەندی و توانستانەی کە ئێمە تا حاڵی حازر وەک شتانێکی "خودایی" بەریکەوتبووین. ئەوەی ئەم بژاردەیە بەتەواوی دەکاتە شتێکی شۆکهێنەر و تراومایی، ئەوەیە کە ئەو درزە پێچەوانەدەکاتەوە وا ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەمانی لە مەزەنە باڵاکانمان جیادەکردەوە دەرهەق بە نزیکییمان لە خودا. کاتێک کەسێک باسی ئەزموونی یەکبوونی خۆی دەکات لەگەڵ خوادا، یەکێکی واقیعگەرای لێ ڕاستدەبێتەوە و پێی‌دەڵێت هێمن بەوە: «نوقم و نغرۆی ناو خەون‌وخەیاڵەکانت مەبە، بیرت نەچێت تۆ هێشتاش هەر سەر بەم واقیعە نەگبەتەی زەوییت». بەڵام گەر بێتو گۆشەنیگای **تاقانەیی** وەرگرین، ئەوا وەڵامدانەوەی قسەکەی ئەم کەسە واقیعگەرایە شتێکی ئاسانە: «ئەوە ئێمەین واقیعگەرا و واقیعبینی ڕاستەقینە، ئێمە دەتوانین نەمریی ئیلاهییانە لە واقیعە ئەزموونییەکەمانەوە دەرکێشین؛ ئەوە تۆیت کە هێشتا باوەڕت وایە فەنابوونە مادییەکەمان دوایین ئاسۆی بوونمانە، کە دیارە ئەمەش هەر خەون‌وخەیاڵاتە. تۆ لەسەر چەمکە کۆنەکەی واقیع کڕ کەوتوویت! گوێی خۆت لە ڕوانگە تازەکانیش دەخەوێنی!».

قومارەکەی ئێمە ئا لێرەدا، لەم خاڵەدا کە وادەردەکەوت فیختە و هیگڵ باویان نەماوە و پەیوەندییان بە سەردەمەکەمانەوە نیە، ئەوەیە بەرەو لای هەردووکیان بگەڕێینەوە. گەر بمانەوێت پرپێست بیڵێین، ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە کن خوێندنەوەکەی هیگڵ بۆ ***کەوتن*** [و دەرکران لە بەهەشت]، گەر بمانەوێت بچینە ئەودیوی شەیدابوونی ڕووتەوە لەڕوانگەی **تاقانەیی**ەوە، ئەوا دەبێت بیر لەو شتە بکەینەوە کە وا لەڕووداندایە.

سەرچاوە:

THE FALL THAT MAKES US LIKE GOD, PART 1, SLAVOJ ŽIŽEK، The Philosophical Salon.